## مێژووی سەرەتای دەست  پێکردنی حوکمرانی کورد...ڕزگار میرسەیدی

بەشی دووهەم . خوێنەری بەرێز لەبەشی یەکەم باسمکرد لەسەر مێژووی سەرەتای دەست پێکردنی حوکمرانی کورد، کەلەساڵی ٢.٩ وە، وەلەسەر دەستی لوڕی گەورە دەستی پێکرد بوو، کۆتایی حوکمرانی کوردیش لە١٨٤. ی زاینیدا بووە.وە مێژووی سەرەتای ئەو حکومەت وئەمارەتانەی کەسەربەخۆبوون لەحکومڕانی کردنداو هەندێ جار حوکمی بەشێکی گەورەی وولاتانی فارس وغەرەب وڕۆمیشیان کردوە، وەپلەی پاشایەتیان هەبووە، وەباسملێوەکرد لەسەر مێژووی سەرەتای فەرمانڕەوایانی کورد و ئەوئەمارەتە کوردیانەی کەچۆن لەسەرەتا سەریان هەڵداوە حکومڕانیان گرتۆتەدەست .وەئەوئەمارەت وخودموختاریە چووکانەی کەچ لەلایەن ڕۆمیەکان ومەغۆلەکان وسەلجوقیەکان وغەباسیەکان وغوسمانیەکانەوە بەسەرۆك غەشیرەتەکوردەکان بەخشراوە، وەفەرمانرەوایانی ئەیوبیشمان باس کرد .ئێستا دێینە سەر بەشی دووهەم..گەر بەووردی شەرەفنامەومێژووی کوردو کوردستان ونوسینەکانی تری مێژوناس ومێژوزانی کوردی و مێژونوسەکانی بیانیش کەلەسەر کوردیان نوسیوە بیپشکنین ئەوسادەگەینە ئەوراستیانەی خوارەوە کەدیارە هەموی دژی پەیدابون وبنیاتنانی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی کوردی بوون..

١ -کوردو کوردستان وبەشی ئەونەتەوەو ولاتانەن کەسەرچاوەی سەرهەڵدانی مرۆڤی کۆن وپاشان پەیدابوونی شارستانیەت بوون و هاوشانی چاخی ئیلامیەکان بون وگەلێك لەفارسەکان کۆنترن بەلام فارس بوون بەدەوڵەت وئیمبراتۆر کوردیش ژێردەستەیان..
٢ -شارستانیەتی کوردی هاوچاخی شارستانیەتی ئاشووری وسۆمەریەکان بووە.
٣-هەتا ئاینی ئیسلام لەئارادا نەبوو و نەگەیشتوە کوردستان کورد خاوەن سەربە خۆیی خۆی بووە و شانازی بە ڕیشەو ڕەچەلەك و ئاینی خۆیەوە کردوە کە خۆرسکی بوە و دوور بوە لە خواستنەوەو لاسایی کردنەوە هەربۆیەش پتر لە چەندین سەدەحوکمرانی وولاتی خۆیان وهەندێ جار لەدراوسێ کانیشیان بوون.
٤ -پاش سەرهەڵدانی ووپەرەسەندنی ئاینی ئیسلام وبەزۆر کوردو گەلانی تری ناوچەکە بەئیسلام کردن وداگیرکردنی وولاتەکانیان لەناو چەکەدا واتە) تورکیا، ئێران، ئەرمەنستان، کوردستان (بەغێراقی غەجەم وغەرەبیشەوە ئیترگەلی کورد لەسایەو سێبەری ئیسلامەوە هێندە وەدوا کەوت تائەورادەیەی کەنەك بیری نەتەوەیی خۆی لەدەست دا بەلکە شەرمی لەرەگەزی خۆی دەهات وبەسوکی ونەنکی وکەمی دەزانیگەر ڕەچەڵەکی خۆی بە) درۆو دەلەسەش بێت (نەباتەوەسەرسەرکردەکانی ئیسلام وغەرەب و قورەیش گەربەووردی لەمێژوی زۆربەی ئەمارەتە کوردی یەکان بکۆڵینەوە دەبینین کەتەقەلای ئەوەیان داوە ڕەچەڵەك وبنەچە ی خۆیان بەرنەوە سەرلق وپۆپی سەرکردە ئیسلامیە داگیر کەرەکان وەشانازی پێوە بکەن و خۆیانی پێوە ڕاوەشێنن، بۆنمونەش میرانی جزیر کەشەرەفخانی بەتلیس یەکێك بووە لەمیر هەرەناودارەکانی زاناو مامۆستاومێژوناسێکی کوردی خاوەنی شەرەفی نوسینی شەرەف نامە بووەڕەچاڵەکی خۆیان بردۆتەوە سەر خالیدی کوری وەلید، تەنها لەبەر ئەوەیکەبنەچەیان لەتیرەی خالدیەوە وەهاتوە بێ ئەوەی بزانن کەخالیدی کوری وەلیدنە مندالی بووەو نەنەوەشی لەپاش بەجێ ماوە. ٥ -لەهەموو دەسەلاتدارێتی کوردیدا هەر لەحکومە ت و ئیمارەتەکانیەوە تاکو میرایەتیەکانیش بەداخەوە هەمیشەکە حوکم وفەرمانڕەوایی وئیمارەت وقەلایان ڕوخاوەو تێك چووە گەورەترین هۆی پلانی خۆبە

خۆدژه بەیەكترینـاوخۆیی بووه، جاكور لەباوك یا برا لەبرا یائامۆزا لە ئامۆزا یائەم سەرەك هۆزو غەشیرەت وتایەفە لەوی تر بووه.زۆربەی تێكشكان وڕوخانەكان لەناو چونەكان وهەڵ لەدەست دانەكان لەڕێگەی هۆی ناوەكی بوەبە پلەی سەرەكی و جاهۆدەرەكیەكان یان یارمەتیدەر بوه یا دوره پەرێز. سوپاس، چاوەڕێبن بۆبەشی سێهەم، كەباس لەشێخانی بارزان دەكەم وڕۆڵیان لەبزوتنەوەی چەكداری وسیاسی كوردستانی خوارودا. بۆزانین.. ئەو دەكیومێنتانەی كەسودم لێ وەرگرتون ئەمانەن،

1) شەڕەفنامە، شەڕەفخانی بتلیسیی.
2) نوسینەكەی بەرێز، كاك ئیبراهیم جەلال بەناوی خوارووی كوردستان.

ڕزگار میرسەیدی ..ئەمەریكای شیمالی ئۆتاوا______________.